ئەنبار...بەتۆمەتی وەرگرتنی بەرتیل سزای سێ ساڵ زیندانیکردنی بەسەر بەڕێوەبەری کۆمپانیایەک سەپێنرا

ئەمڕۆ یەک شەممە،ئەنجوومەنی باڵای دادوەری لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: دادگای تاوانەکانی ئەنبار سزای زیندانیکردنی بۆ ماوەی سێ ساڵ بە بەڕێوەبەری بەشی یاسایی لە کۆمپانیای گشتی بۆ شووشە و سیرامیک بڕاندەوە بە تاوانی وەرگرتنی بەرتیل لە خەڵک لە بەرامبەر دامەزراندنیان بە شێوەی گرێبەست .

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە: کە سزادراو لەگەڵ تۆمەتبارێکی دیکە هاوبەش بووە لە وەرگرتنی بڕی پارەکە لە ژمارەیەک فەرمانبەر کە موچەخۆری ڕۆژانەبوون لەبەرامبەر بەڵێنی تەواوکردنی مامەڵەکانیان بۆ مەبەستی دامەزراندنیان بە گرێبەستی هەمیشەیی